# چەند سەرنجێك لەسەر پێشنیارەکەی عەبدوڵا مەحمود لەمەڕ حیزبێکی نوێ!

## کەمال ڕەئوف

هاوڕێی ئازیزم عەبدوڵا مەحمود لەبەرواری 2\28 ئەم ساڵدا لە ماڵپەڕی دەنگەکان بابەتێکی لەژێر ناونیشانی " **ئایا کۆمەڵگای کوردستان پێویستی بە حیزبێکی سیاسی تر نییە**" بۆ لێدوان و گفتوگۆکردن بلاّو کردۆتەوە, من هەر چەندە کەمترحەزم بە ڕەخنەگرتن و وەلاّم دانەوەی بابەتی نووسەری تر هەیە, بەلاّم بەهۆی ئەوەی کە بەڕێزی خۆی بابەتەکەی بۆ گفتوگۆکردن بلاّو کردۆتە پێم خوشە لەوبارەوە بەکورتی چەند قسەیەك بکەم.

لەبابەتەکەی برای خۆشەویست کاك عەبدولاّدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کەپێکهێنانی حیزبێکی تازە بە تێڕوانینێکی تازەوە بۆ هەلومەرجی کوردستان زەرورەتی هەیە, من هەرچەندە لە ڕووی مەبدەئییەوە لەگەڵ ئەو بۆچوونە کۆکم کە پێکهێنانی حیزبێکی نوێ بە میتۆدێکی ڕۆشن و جیا لە تەقلیدیەتی حیزبایەتی ئێستا زەرورەتی هەیەو بتر لەسێ ساڵ لەمەوبەر لەوبارەوە پێشنیارێکم کرد کە ئەوکاتە تەنها دوو کەس وەلاّمی پێشنیارەکەی منیان دایەوە کە ئەوانیش بریان کاك ئازاد ئارمان و کاك یاسین قادر بوون, بەلاّم لەگەڵ ئەوکۆك بوونەشمدا ناتوانم بیشارمەوە بەدگومانیم هەیە لەگەڵ لوغزی پێشنیارەکەی عەبدولاّدا, بەدگومانیەکەم لەوێوە سەرچاوەی نەگرتوە کە ئێستا ئیمکان و فرسەتی ئەو جۆرەکارە لەئارادا نەبێت , یان بەجۆرێکی تر بەدگومانییەکەم پەیوەست نابێتەوە بەوەی کە بلێم زەرورەتی کارێکی وا لەئارادانییە , بە پێچەوانەوە من پێم وایە ئەو هەلومەرجەی کەئێستا هەیە و دەگوزەرێت ئەو بەربەریەتەی کە ڕۆژانە لە عێراق بەناوی مقاوەمەو حکومەتەوە دەبینرێت بەڕۆشنی نیشاندەری غیابی هێزێکی سیاسی عەلمانی و مەدەنی وایە کە لەنێو حکومەت و ئۆپۆزیسۆندا بەجدی داکۆکی لە خەڵکی هەژار بکات, بەڵکە بەدگومانیەکەم لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە برادەرانی کۆمۆنیزمی کرێکاری هەمیشە لەپاڵ هەرشکست و نسکۆیەکدا بەتەرحێکی تازەوە دێنەوە پێشەوە بێ ئەوەی لەسەر ئەوە بچن باس لەوەبکەن کە هۆی شکست و نسکۆی پێشووتر چیبووە . ڕۆژەکانی ڕاپەڕین ڕێژەی هەڵسوراوانی بزووتنەوەی شورایی لە ڕێژەی پێشمەرگەکانی بەرەی کوردستانی زۆر کەمتر نەبوو, ژمارەی بنکە شوراییەکان لەسلێمانی و هەولێر ئەگەر هێندەی بنکەکانی بەرەی کوردستانی نەبووبێت ئەوەندەی کەمتر نەبوو, خەڵك بە شۆڕوشەوقێکی زۆرەوە ڕوویان لەبنکەکانی شوراکان دەکرد بۆقسەوباس, ئومێکی زۆر هەبوو کە سەرەنجام ئەو بزووتنەوەیە سەرەتایەك بێت بۆ وەرچخانێکی گەورەی سیاسی لەکوردستانداو هەوڵێك بێت کە لەدامێنیا حیزب و ڕێکخراوی جەماوەری بە میتۆدێکی شۆڕشگێرانەو جیا لە حیزبە باوەکان وتەقلیدیەتی حیزبایەتی بێتە ئاراوە, بەلاّم بیرکردنەوەو سیاسەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەنێو شوراکاندا ئەو فرسەتەی لەدەست دا , کاك عەبدولاّ ڕاستی کردوە کە دەڵێت حیزبی ئێمە حیزبی لەدەستدانی فرسەتەکان بووە , بەلاّم ڕاستر دەبوو ئەگەر بیووتایە سیاست و بیرکردنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری سیاسەت و بیرکردنەوەی لەدەستدانی فرسەتەکانە, ئاخر بۆ هەموو لایەك ئاشکرایە ئەوەی کە حیزب لێدەخورێت و تەوجیهی دەکات شانس سوتفە نییە , بەڵکە ئەوە ئەو ئایدلۆژیاو سیاسەت و جیهانبینییەیە کە لەپشتی حیزبەوە وەستاوە, ئیتر بۆ ئێمە دەبێ لەگەڵ ئەوە ڕاستگۆنەبین کەهەموو کەموو کوڕیەکان بخەینەوە سەر شانی حیزب لەکاتێکدا کە حیزب تەنها دەزگایەکی ئیجرائیە بۆ ڕاپەڕاندنی سیاسەت وئایدلۆژیایەك کە لەپشتیەوە بەهەموو قوەتەوە وەستاوە, من بەدگومان بەدگومانیەکەشم لەوێوە سەرچاوەدەگرێت کە ئێوەی خۆشەویست واز لەوشەی دەبێت ناهێنن, ئەم فەرزکردنە لەسیاسەتدا مانایەکی ناخۆشی هەیە و بارگاوییە بە ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراوەوە, ئەوەتا بەئاشکرا کاك عەبدولاّ لەپێشنیارەکەیدا ئەڵێت: بۆیە بەسادەیی دەکرێت بلێن لەکوردستان تەنها جێگای حیزبێکی سیاسی و ڕادیکاڵ و چەپ و کۆمۆنیست خاڵی یە, دەبێ بە پێکهێنانی حیزبی

کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان ئەو بۆشاییە پڕبکرێتەوە, کۆمەڵگای کوردستان پێویستی بەحیزبی مارکس و حیکمەتە. ئاخر برا خۆ ئێوە سالآنێکە ئەو حیزبەتان پێك هێناوە و تەنها ئەوەی کە جیاواز بێت لێرەدا بەشێك لەناوەکەیەتی , یان راستر بلّێن بەکوردستانی کردنەکەیەتی, دەنا هەر خۆت لێرەشدا بە ووتنی دەبێ یەکی زەق نیشانت داوە کە حیزبی کومۆنیستی کریکاری کوردستان ئەو جێگایە پڕدەکاتەوە, پاشان ئەگەر هەر خۆت ئاماژەت بەوەش داوە کە دەبیت حیکمەتی بێت, کەمن پێم وایە ئیتر ناو هێنانی مارکس لەوێدا شتێکی زیادەیە.

بەشێکی تر لە بەدگومانیم  لەسەر پێشنیارەکە ئەوەیە کە باس لەدامەزراندنی حیزبێك دەکات بۆسەر بەخۆیی کوردستان , من پێم وایە ئەو بۆچوونە کورت بوعدی و تاکتیکیە هێندەی  پەیوەندی بەوەوە هەیە کە پێشنیارکەر خوازیاری ئەوەیە سواری شەپۆلی ناڕەزایەتی خەڵك بێت لەمەڕ خواستی جیاخوازی و پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی هێندە جیهانبینییەکی مەبدەئیانە نییە ومەبەستی ئەوەنییە بچێتە پشت بزووتنەوەیەکەوە کە هەر ئێستا بە فعلی لەئارادایەوە و دەخوازێت میللەتی کورد بەمافی چارەنووسی خۆی بگات تاڕادەی جیابوونەوە, چونکە ئەگەر بەڕێزیان پێیان وایە ئەو بۆچوونەی ئێستایان ئاکامێکی تازە وئاکتیڤە و دەخوازن لەسەری بچن بۆ جیاکردنەوەو سەربەخۆیی کوردستان پێش لەهەر کەسێك دەبێت بەرێزیان ڕەخنە ئاراستەی ئەو ڕابردووە بکات کە کە بەدورانی کۆمۆنیزمی کرێکاری  لەکوردستان دەناسرێتەوە, چونکە لای هەموو لایەکە ئاشکرایە کە کۆمۆنیزمی  لەدەورانی ڕبردوویدا خاوەن خەرامانێك هەڵەو کەموو کوڕیە بەتایبەت لەمەڕ کێشەی نەتەوایەتی.